**پرسەی تێپەڕبوونی تەمەن لەچاوەڕوانی هاتنی منالێم**



**ئەفسانە سروش**

تۆبڵێی لەوبەری کامە
ڕووبار
چاوەڕوانی پردێك بێ
تابەسەریا بپەڕێتەوە، و
لەئێوارەیەکی سار ساردا
کەمن لەچاوەڕێی ئاوابونی
خۆری ئەمرۆ،و
تەمەنێکی
بێ منالێم،
کەزی تاڵە سپییە
تێکەڵەکانی ڕۆژگارە
ڕەشەکانم دەهۆنمەوە
بدەی لەدەرگای ئاچەر
شکاوەکەی تەمەنم و
بێتە ناو حەوشەی خاڵی
لەچاوەڕوانی،
ئەودەمە
دەبینی سەردەمی
چاوەڕوانی تۆ چەند کۆن بووە، و
لەوە درەنگترە بێتوو
منی تێپەریوو لەچاوەروانی
بتگرێتە باوەش،
دەبینی
چەندەها ماڵۆچکەی
یاریم لەحەوشەی
چاوەڕوانی منالێمدا
دروست کردوە،و
هەموو لەخانە خەرابێك نەبێ
لەهیچی تر ناچن ئێستا
هەر شوێنەواریانە.
کەماون
دەبینی چەند تەرمی
ئاواتی منالێم لەبەر هەیوانی
ژوورەکەم نێژراون، و
نوێژی مردووشیان لەسەر نەکراوە
کەس فاتیحاێکی درۆشی
بۆ نەخوێندوون،
ئدی هێدی هێدی
شلدەبن هەنگاوەکانت
بەرەو من،و
دەبینی هەموو سێبەرەکانی منالێم

پرسەی تێپەڕینی
تەمەنی من دەگێرن، و
لێرە تێدەگەی چەند
درەنگە و دەستی تۆ
ئا دەستی تۆ!
ئیتر من ناناستێنێتەوە.